هەیبەت حەلبوسی: دواکەوتنی هەڵبژاردنی سەرۆک کەمار چیتر قبووڵکراو نییە

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەیبەت حەلبوسی، ئێوارەی ئەمڕۆ هەینی جەختی کردەوە کە ئەنجومەنەکە بەرپرسیارێتییە دەستوورییەکەی دەگرێتە ئەستۆ و بەپێی دەستوور بڕەو هەڵبژاردنی سەرۆک کەمار هەنگاو دەنێت.

حەلبوسی لە بەاوکراوەیەکدا لە پلاتفۆرمی "ئەکس" ئاماژەی بەوە کردووە: "دواکەوتنی هەڵبژاردنی سەرۆک کەمار چیتر قبووڵکراو نییە، بەهۆی ئەو کاریگەرییە ناستوخێیەی کە لەسەر سەقامگیری دەوڵەت و ڕێکوپێکی کارکردنی دامەزراوەکانی هەیەتی، لە کاتێکدا عێراقییەکان چاوەڕوانی یەکلاکردنەوەی ئەم شایستە دەستوورییە دەکەن."

هەروەها وتیشی: "کاتێکی تەواو دراوە بە گەیشتن بە سازان و هەڵبژاردنی کەسایەتییەکی گونجاو، بەڵام بەردەوامی دواکەوتنەکە سنوورە قبووڵکراوەکانی تێپەڕاندووە، بێیە ئەنجومەنی نوێنەران بەرپرسیارێتی دەستووری خۆی هەدەگرێت و بڕەو تەواوکردنی ئەم شایستەیە دەچێت."

لە درێژی قسەکانیدا وتی: "ئەمە لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی ڕوونداین: کەتاییهێنان بەم شایستەیە بەپێی دەستوور، و هەڵبژاردنی کەسایەتییەک کە نوێنەرایەتی هەمووان بکات و لە ئاستی متمانەی عەراقییەکاندا بێت، و سەقامگیری بە کارکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت بگەڕێتەوە."

ئەمە، ٢٢٠ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عەراق لیستەکیان بە ناو و واژەکانیانەوە پێشکەش بە سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران کرد، و تێیدا داوایان کردووە دانیشتنی ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو تەرخان بکرێت بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار.